KCCRC

Terrorism & Security Studies TSS

# بەگەڕخستنی میدیا لە سەقامگیری ئاسایشدا



١٧ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# بەگەڕخستنی میدیا لە سەقامگیری ئاسایشدا

د. فواد عەلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٧

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئایاری ٢٠١٨

# بەگەڕخستنی میدیا لە سەقامگیری ئاسایشدا

د. فواد عەلی

## پێشەکی

کاریگەری ئامرازەکانی میدیا لەسەر بیرکردنەوە و هەست و سۆز و رەفتار وایکردووە هەموو هەوڵێک بدرێت تا کاروانی میدیای ئاسایش کە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجی پەیامی ئاسایشی هەیە، بەگوێرەی سروشت و گەشەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، کە ئامانجی سەرەکی هاندانی هاووڵاتیانە بۆ هاوکاریکردنی دەزگا ئەمنییەکان، لەبەرئەوەی تاوان تەنها ململانێ نییە لە نێوان تاوانبار و دەزگا ئەمنییەکان، بەڵکو ململانێیە لە نێوان کۆمەڵگە لەگەڵ تاوانباران و لادەرەکاندا. لەبەرئەوەی بەردەوام ئاستی تاوان لەزیادبووندایە و بەمەش هەوڵە میدیاییەکان بە گشتی و گرنگیدان بە بابەتی میدیای ئاسایش رۆژ بەرۆژ چڕتردەبێتەوە و لە سەرەتای گەشەکردنیدایە.

ئەم بابەتە هەوڵێکی گەشبینانەیە بۆ گەشەدان بە میدیای ئاسایش وەک میدیای تایبەتمەند کە پێویستی بە پشتیوانی حکومەت و ئەکادیمیای میدیا و بیرمەندان و ئامادەکردنی کادری میدیایی تایبەتمەند و هاوکاری نێوان میدیا و دامەزراوە ئەمنییەکان هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی لادان و تاوان و هێزە شەڕانگێزەکان.

## یەکەم: چوارچێوەی زانستی میدیای ئاسایش

میدیا لە واقعی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی کۆمەڵگە لە رێگەی پرۆسەی چوار رەگەزەکەیەوە (نێرەر، وەرگر، پەیام، ئامراز) جوداناکرێتەوە، میدیا بەشداری بەرچاوی لە دارشتنی هزر و پێکهاتەی کەسایەتی و دیاریکردنی هەڵوێست هەیە بە هۆی کاریگەری زانیاری و سۆزداری رەفتارییەوە. لەسەر ئەو بنچینەیە چوارچێوەی بیری توێژینەوەی میدیای ئاسایش چەکەرەیکرد و بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی میدیای تایبەتمەند و دارشتنی رۆشنبیری و هەڵوێستەکان، لەبەر گرنگی ئەم بابەتە پێویستە توێژینەوە لە بواری میدیای ئاسایش و ئەو ژینگەیەی کە پێوەی پەیوەستە بکرێت.

میدیای ئاسایش گرنگترین بواری توێژینەوە زیندووەکانە، کە کاریگەری لەسەر بواری زانستی میدیا و ئاسایش و زانستە سیاسییەکان هەیە، بەمشێوەیە میدیای ئاسایش هەڵگری پەیام و هزرێکە کە کاردانەوە و پەیوەندی بە دەوروبەری خۆیەوە هەیە.(١) لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دوو دەروازەی سەرەکی بۆ پەیوەندی نێوان سیستمی سیاسی و میدیا هەیە، ئەویش برینین لە دەروازەی فەلسەفی و دەروازەی زانستی:

١- دەروازەی فەلسەفی: ئەم دەروازەیە پەیوەندی بە قوتابخانە و تیۆرەکانی سیستمی میدیاییەوە هەیە: تیۆری دەسەڵات و لیبراڵی و کۆمۆنیستی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانەوە و بەشداری دیموکراسی، لە تیۆری یەکەمدا میدیا بە تەواوی پشتگیری دەسەڵات دەکات و لە تیۆری دووەمدا پەیوەندی بە ئازادی رادەربڕین و هزرییەوە هەیە و میدیا تەواو ئازادە، لە تیۆری سێیەمدا میدیا لەسەر بنچینەی چەواشەکاری میدیاییەوە بەدەست حزبی دەسەڵاتدارەوەیە، لە تیۆری چوارەم و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەبێت میدیا رەچاوی بەرژەوەندی گشتیی تاک و کۆمەڵگە بکات، لە تیۆری پێنجەمدا میدیا لە هەموو ئاستەکاندا رۆڵی لە بونیاتنانەوەی کۆمەڵدا هەیە، لە تیۆری شەشەمدا میدیا فەلسەفەی کارکردنی لە یەک ئاراستە و ئاراستەی ستوونی گۆڕا بۆ دوو ئاراستە و بازنەیی و ئاراستەی ئاسۆیی، بە واتای ئەوەی میدیا بە شێوە کلاسیکییەکەی تەنها لەدەستی دەسەڵات و دامەزراوە

میدیاییەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان نەما و کەوتە بەردەستی زۆرینەی خەڵک. ئەم تیۆرانە پەیوەندی نێوان میدیا و سیستمی سیاسی دەردەخەن.

٢- دەروازەی زانستی: ئەمە پەیوەندی بە چوارچێوەی زانستی و بەراوردکاری و ئەرکی هەر سیستمێکی سیاسییەوە هەیە، ریڤەر و میللەر پەیوەندی نێوان سیستمی سیاسی و میدیا لە چوار لایەنەوە دەردەخەن:(٢)

ا- ئاستی کاریگەری سیستمی سیاسی لەسەر میدیا.

ب- سیستمی گەیاندنی زانیاری لە لایەن حکومەتەکان و چۆنێتی فەراهەمکردن و گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری لە رێگەی کەناڵە فەرمی و نافەرمییەکانەوە.

ج- کاریگەری میدیا لەسەر دەسەڵات.

د- سروشتی ئامرازەکانی میدیا، کە بریتین لە پرەنسیپ و خاوەندارێتی و پۆلێنی جەماوەر و فاکتەری ئابوری و هونەری. (٣)

ناکرێت رۆژنامەنووس تەواو ئازادبێت لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک بەبێ گوێدانە پرەنسیپ و بەها و یاسا و سیستم و دابونەریتەکان، چونکە ئازادی میدیا دۆخێکی میسالی و تیۆرییە و کاریگەری جیاوازە بە پێی واقیع(٤).

میدیای رۆژئاوا لەسەر بنچینەی فەلسەفەی لیبراڵی و چەند دینگەیەکی سەرەکی دامەزراوە: ئازادی دامەزراوەی بازرگانی و رەواییدان بە قازانج و سەرمایەداری و ئازادی بیروڕادەربرین، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا لەژێر پەردەی میدیای ئازاددا میدیا لە ئاستی جیهاندا رۆڵی لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و توندڕەوی و هاندانی تیرۆر و تاوان و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و دابەزینی ئاستی زەوقی رۆشنبیری گشتی و توندوتیژی لەسەر منداڵان و بەشداری لە روخانی پایەکانی کۆمەڵگە و ئیروانینی روکەشیانە بۆ بابەتەکان و لاوازبوونی توانا داهێنەرەکان لە کۆمەڵدا هەیە، بەمشێوەیە رێکخراوە تیرۆریستییەکان و کەسایەتییەکان لەژێر چەتری ئازادی میدیادا ئامرازەکانی میدیا و خودی ئازادیان پاوان کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، کە لەم سەردەمەدا توندوتیژی زۆر رێکخراو و کاریگەرە لەسەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی(٥).

**دووەم: میدیای تایبەتمەند**

میدیای تایبەتمەند لەوکاتەدا دروستبووە کە ئەو بوارەی رووماڵی دەکات گەیشتۆتە پلەی گەشەکردنی تەواو و ئەم بوارانە دەگرێتەوە:(٦):

١-ئەو رووداوانەی کە پەیوەندی بە بواری جیاوازەوە هەیە (ئابوری، وەرزش، رۆشنبیری، ئاسایش، ژینگە ... هتد).

> **میدیای ئاسایش گرنگترین بواری توێژینەوە زیندووەکانە، کە کاریگەری لەسەر بواری زانستی میدیا و ئاسایش و زانستە سیاسییەکان هەیە**

٢- ئەو دیاردە و گەشەکردنانەی کە چەند ئاراستەیەکی بنەڕەتی جیاوازیان هەیە، کە رەنگدانەوەی بەرژەوەندی و هەڵوێست و هێزە جۆراوجۆرەکانە.

٣-بوونی دەزگا و دامەزراوە و دەستەی تایبەتمەند بەو بوارە کە بەرپرسن بەرانبەریان.

٤-بوونی جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ هەریەک لەو بوارانە، کە هەڵوێست و ئاراستە و رەفتاری دیاریکراویان هەیە.

## سێیەم: گەشەی میدیای ئاسایش

میدیای ئاسایش پەیوەندییەکی ئۆرگانی و جەدەلی بە ئاسایشەوە هەیە، ئاسایش وەک دیاردە و چالاکی لە رووی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە کۆنە، بەڵام پاش گەشەکردنێکی دوورودرێژ ئەم قۆناغانەی بڕیووە:(٧):

یەکەم: قۆناغی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرایی: پەیوەندی بە رێکخستنی خێزانی و هۆز و تیرەوە هەیە و چەمکی ئاسایش لەم قۆناغەدا بە گشتی پەیوەندی بەمانەوە هەیە:

١-ئەوەی کە هەڕەشەیە بۆ ئەو شێوە رێکخستنە کۆمەڵایەتییە بەراییە.

٢-ئەوەی هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندی و نان و کەلوپەلی خێزان و تیرە.

٣-ئەوەی هەڕەشەیە لەسەر ژیانی تاکەکانی ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییە.

بەدەستهێنانی ئاسایش لەم قۆناغەدا دوو شێوەی وەرگرتووە: (٨):

١-تاک بەرپرسە لەسەر پاراستنی ئاسایشی خێزان بە پێی توانا و بەها و پێوەرەکانی تاک لەو سەردەمەدا، پەیوەندیکردنی زارەکی و رووبەرو و زۆرجار پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵ جۆر و شێوازی رووماڵکردنی بابەتی ئاسایش بووە.

٢-بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ، پەیوەندی بە سەرکردایەتی بەکۆمەڵەوە هەیە، کە پێویستی بە هێز و پاڵپشتی ئابوری و ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، دەکرێت خێزان یان تیرە یان هۆزێت کە بەرپرسیارێتی ئاسایشی هەموو کۆمەڵەکەی لە ئەستۆدایە (ئاسایشی دەرەکی) و پاراستنی ئاسایشی سەرجەم تاکەکانی ئەو کۆمەڵە (ئاسایشی ناوخۆ)، ئەم شێوەیە لەکاتێکدا بوو کە پەیوەندییەکان ئاڵۆزبوون و کۆمەڵەکان پەیوەندییان بە کۆمەڵی ترەوە هەبوو.

دووەم: قۆناغی دروستبوونی میرنشین و دەوڵەتی دەرەبەگایەتی: ئەم قۆناغە هەنگاوێکی پێشکەوتووە لە گەشەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و خاوەندارێتی و ئامراز و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کە زەوی سەرچاوەی بەهای راستەقینەیە، دەرەبەگەکان خاوەندارێتی زەوی و سەرچاوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی کۆمەڵەکانیان دەکرد. لە پێناو پاراستن و بەدەستهێنانی ئاسایش ومانەوەی رووداوەکانی شەر و جەنگەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو شێوازی پەیوەندیکردن زارەکی و بەکۆمەڵ بوو، هەندێکجار بە شێوازی نووسراو و وێنەدار و هەڵکۆڵین بوو.

سێیەم: قۆناغی دەوڵەتی نیشتمانی نەتەوەیی:

> **ناکرێت رۆژنامەنووس تەواو ئازادبێت لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك بەبێ گوێدانە پرەنسیپ و بەها و یاسا و سیستم و دابونەریتەکان**

ئەم قۆناغە پەیوەندی بە سەرکەوتنی شۆرشی پیشەسازی و دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ و کۆمەڵگەی مەدەنی چینی جیاواز و ململانێکەرەوە هەیە، بەمشێوەیە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش رۆژبەرۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکان زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، دەوڵەت زیاتر پێویستی بە پاراستنی ئاسایشی دەرەکی و ناوخۆ هەبوو. لەم قۆناغەدا رۆژنامەی چاپکراو شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیکردن بوو بۆ کۆکردنەوە و رووماڵکردنی

ژیانی کۆمەڵ و دەسەڵات بە گشتی و بواری ئاسایش بە تایبەتی.

چوارەم: قۆناغی هاوچەرخ و چەمکی ئاسایش بە گشتی: لەم قۆناغەدا شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵ و دەوڵەت گەیشتە بەرزترین ئاستی، چەندین دامەزراوەی سەربازی و ئاسایشی تایبەتمەندی هاوچەرخ دامەزرا کە بەرپرسە لە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەکی وڵات، چەمکی ئاسایش تەنها لایەنی پۆلیسی و یاسایی و دادوەری نەگرتەوە، بەڵکو چەندین چەمکی وەک ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و خۆراک و ئایین و ژینگەی گرتەوە، کە پێویستی بە ژیانێکی پڕ لە ئاسایشی تەواو هەیە.

لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری لە نووسراو و بیستراو و بینراو ڕووماڵی ژیان بەگشتی و بواری ئاسایش بەتایبەتیان دەکرد، بەڵام پاش گەشەکردنی هەردوو بواری ژیانی گشتی و ئاسایش، ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری واتە ئامرازە گشتییەکان ناتوانن ڕوماڵی تەواوی قوڵایی گەشەکردنی بواری ژیانی ئاڵۆزی ئاسایش بکەن، بۆیە پێویستبوو لق و بوارێکی تری میدیای نوێ دابمەزرێت کە وەڵامی بۆ گەشەکردنەکانی بواری ئاسایش هەبێت و پێداویستییەکانی تێربکات و بەمشێوەیە (میدیای ئاسایش) دەرکەوت.

### چوارەم:پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایش

میدیا ئامرازێکی چالاکی بەردەستی دەزگاکانی ئاسایشە بۆ دروستبوونی ئەڵقەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا، ئەرکێکی گرنگی دەزگاکانی ئاسایشە بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری جەماوەری بۆ چالاکی و ڕۆڵی پەیامەکانی ئاسایش لەرووی خۆپاراستن لە هەڕەشەکان.(٩)

توانای بەهێزی ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندیکردن لە ئاراستەکردنی هزر و هەست و سۆز و ڕەفتاری مرۆڤ ئەوە روندەکاتەوە، کە ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندیکردن توانای ئاراستەکردنی ئاکەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی گشتی خۆی هەیە، وەک ئاسایشی سیاسی و هزری و ئابوری و خۆراک و دەروونی و .... هتد، سروشتی ئەو پەیوەندییەی نێوان میدیا و ئاسایش لەسەر کاریگەری و کارلێککردنە، لێرەدا ئەگەر ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندیکردن بەرپرسیارێتی و بابەتیبوون و هاوسەنگی و هۆشیاری بنەماکانی کارکردنی بێت، بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی دەبێت لە بونیاتنان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئاشتیخواز لە ڕووی هزر و ئاراستە و ڕەفتارەکانییەوە.(١٠).

کاتێک میدیا ڕۆڵی ئاسایش دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیدا ئەوا دەبێت بە میدیای ئاسایش و تاکەکان هەست بە ئەمان و پاراستنی خۆیان دەکەن لەرووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سەروماڵ و مافەکانی، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبونەوە لە گشت هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان(١١).

کاریگەری لە نێوان میدیا و ئاسایش کاریگەرییەکی دوولایەنەیە، وەک چۆن میدیا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە بە هەمانشێوە پاراستنی ئاسایشی میدیاکار و دامەزراوەی میدیایی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی جێدێڵێت، واتە خۆپاراستنی میدیاکار لە پیاوانی ئاسایش و ترسی میدیاکار لەپیاوانی ئاسایش زیان بە بەرژەوەندی و پەیوەندی هەردوولا دەگەیەنێت(١٢). بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایش پەیوەندییەکی هاوبەش و تەواوکارییە نەک ڕووبەڕووبوونەوە، هەریەک لەوانە ئەوی تر تەواو دەکات و دژی یەکتر نین و کاریان بێ یەکتر هەڵناکات و پیشەییانەیە و بەپێی تایبەتمەندی و پسپۆڕی و سروشتی کارەکەیان دەگۆڕێت و کاتێک لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتربێت.(١٣).

### پێنجەم: تایبەتمەندییەکانی میدیای ئاسایش

میدیای ئاسایش چەندین خەسڵەتی هەیە (١٤):

١-بواری ئاسایش: گەشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی وڵاتانی هاوچەرخ و گەشەکردنی چەمکی ئاسایش وایکرد کە بواری ئاسایش فراوانبێت، لە ئێستادا ژیان پڕیەتی لە کێشە و ڕووداو و دیاردە، وایانکردووە کە بواری


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئاسایش جێگای بایەخی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بێت.

٢-بابەتی ئاسایش: بابەتی ئاسایش لە چەندین لاوە رەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر میدیای ئاسایش هەیە، ئەو لایەنانەش بریتین لە:

-بابەتی ئاسایش بەهۆی پەیوەندبوونی لە رووی بەرژەوەندی و بەهاو ئاراستەکانەوە بە ژیانی تاک و کۆمەڵەوە بۆتە بابەتێکی سەرنجراکێش و گرنگ. بابەتی ئاسایش رەنگدانەوەی گەشە و گۆرانکارییە جۆراوجۆرەکانە، کە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هزری تاک و کۆمەڵ دەگرێتەوە.-بابەتێکە چۆتە قوڵایی واقیعی کۆمەڵەوە، بۆیە توانایەکی زۆری دەوێت بۆ ناسینی چەمکەکانی و چارەسەرکردنی.-بۆ گفتوگۆکردن بابەتێکی کراوەیە، چونکە جێگای بایەخی زۆرینەی کۆمەڵە.

٣-رووداوی ئاسایش: رووداوی ئاسایش بەم خەسڵەتانە دەناسرێنەوە:

-خێراو جوڵەدار و لەناکاوە.

-پەیوەندی بەژیانی نەرێنی تاک و کۆمەڵ و دامەزراوەکانەوە هەیە.

-زۆرینەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە رووداوی ئاسایش هەوڵی شاردنەوەی دەدەن.

-لەبەرئەوەی رووداوی ئاسایش هەڵگری وروژاندن و سەرنجراکێشییە، خاوەنەکەی هەوڵی شاردنەوەی دەدات، بۆیە لەهەمان کاتدا بۆتە بابەتی گەرمی میدیا بەتایبەتی و جەماوەر بەگشتی.

-سەرچاوەکەی زۆر فەرمی و کەسییە، بۆیە زانیارییەکانی زۆر دیاریکراو و هەڵبژێردراون.

٤-دیاردەی ئاسایش: زۆر پێویستە دیاردە ئاڵۆزەکانی ئاسایش دەستنیشان بکرێن و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت تا دەگاتە ئەو رەگەزانەی کە پێکهێنەری ئەو دیاردانەن، لەگەڵ دۆزینەوەی فاکتەری کاریگەری و کارتێکەری و پەیوەندی نێوان ئەو رەگەزانە، چونکە دیاردەی ئاسایش دەرئەنجامی سیاقە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و هزرییە دیاریکراوەکانە.

٥-ئامرازەکانی میدیای ئاسایش: خەسڵەتەکانی (بابەت و رووداو و دیاردە)ی ئاسایش لەسەر ئامرازەکانی میدیای ئاسایش رەنگیان داوەتەوە، بۆیە دەکرێت ئەو بوارە بە سێ جۆر لە ئامرازەکان دیارییکرێن:

ئامرازی یەکەم: ئامرازی میدیای ئاسایش شێوەیەکی فەرمی لەخۆدەگرێت، کە شێوەیەکی فەرمی لە هەڵبژاردنی رووداو و بابەت و شێوازی چارەسەر و رێگەکانی نیشاندان و پێشکەشکردنی هەیە.

ئامرازی دووەم: شێوەیەکی بازرگانی لەخۆدەگرێت کە توانای زیندوویەتی لە هەڵبژاردنی بابەت و وروژاندن و سەرنجراکێشی و جۆرایەتی سەرچاوە لە دەرهێنانیدا هەیە، بەڵام زۆرجار رەچاوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ناکات لە چارەسەرکردنی بابەتی تاوان و لادان و پاراستنی بارودۆخی ئاسایش.

ئامرازی سێیەم: ئەم ئامرازە هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و هونەری دەرهێنان و سازاندنی میدیایی بۆ هەڵبژاردنی بابەت و رووداو و دیاردەکانی ئاسایش بکات، کەلێرەدا پێویستە شێواز و هونەری گونجاو بۆ گەیاندنی مادەی میدیایی بابەتی ئاسایش بۆ جەماوەر بەکاربهێنرێت، بە ئامانجی کاریگەری خستنەسەریان و ناساندنی بابەتەکانی ئاسایش و چۆنێتی خۆپاراستنی لەلادان و تاوانەکان و هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن و هاوکاریکردنی رۆڵی چالاکانەی جەماوەر لە پاراستنی ئاسایشدا.

٦-سەرچاوەکانی میدیای ئاسایش: چەندن سەرچاوەی جۆراوجۆری میدیای ئاسایش بۆ روماڵکردنی بابەت و رووداوەکانی ئاسایش هەیە:

١-سەرچاوەی فەرمی: بەسەرچاوەی سەرەکی میدیای ئاسایش دادەنرێت، ئاستێکی باڵای فەرمی هەیە و بە راستگۆیی و وردی و متمانەیی و بەرپرسیارێتی دەناسرێنەوە، کە خاوەن یاسا و بنەما و ئیتیکی خۆیەتی.

٢-سەرچاوە تایبەتەکان: بریتین لە کەسەکان یان لایەن و دامەزراوە تایبەتەکان یان دامەزراوە ئەهلییەکان کە پەیوەندی بەرووداو و بابەتەکانی ئاسایشەوە هەیە، پێویستە زۆر بە وریاییەوە لە

وەرگرتنی زانیاریدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە زانیاری ورد و شیکردنەوەکانی ئەو سەرچاوەیە پەیوەندی بە بەرژەوەندییانەوە هەیە.

٣-شارەزایان و پسپۆڕان: لەبەرئەوەی بابەتی ئاسایش بە گشتگیریی لە رووی بابەتی وەک ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تیرۆر و ژینگە و پزیشکی و دەناسرێنەوە، بۆیە بۆ رومال و چارەسەرکردن و شیکردنەوەی بابەتەکانی ئاسایش پێویستی بە شارەزایان هەیە بۆ رونکردنەوەی ئەو دیاردە و رووداوەی ئاسایش، بۆیە لەسەر رۆژنامەوانی ئاسایش

> **رێکخراوە تیرۆریستییەکان و کەسایەتییەکان لەژێر چەتری ئازادی میدیادا ئامرازەکانی میدیا و خودی ئازادیان پاوان کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان**

بەگوێرەی سروشتی رووداوەکە پێویستە بەدوای کەسی گونجاو و پسپۆڕ بگەڕێت تا رونکردنەوە بدات بۆ ئامرازەکانی میدیای ئاسایش.

٧- جەماوەری میدیای ئاسایش: جەماوەری میدیای ئاسایش چەندین خەسڵەتی هەیە کە ئەمانەن:

-جەماوەرێکی فراوان و جۆراوجۆر و ناچوونیەکن، ئەمەش پەیوەندی بە سەرنجڕاکێشی بابەتی ئاسایشەوە هەیە.

-جۆرایەتی لە پێداویستی میدیایی جەماوەر، هەندێک خەڵک هەن پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە بابەتی غەریزی و هەڵچوونەکان تێردەکرێن و هەندێکیتریش ئارەزویان بۆ بابەتی ئاسایشی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و رەفتاری و مرۆڤایەتی هەیە بۆ تێربونی پێداویستییەکانیان.

-جیاوازی جەماوەری میدیای ئاسایش لە فۆکەس و بایەخدانیان بە بابەت و پەیامی میدیای ئاسایش.

-جەماوەری میدیای ئاسایش وەک جەماوەری گشتی میدیا بەوە دەناسرێنەوە، کە زووزوو ئارەزوو و بەرکەوتن و را و ئاراستەیان دەگۆڕێت، بۆیە زۆرجار قورسە بتوانرێت جەماوەر بە هەموو بابەتەکان ئاشنابکرێن و رەزامەندبن.

٨-کادری پیشەیی میدیای ئاسایش: گەشەی ژیانی رۆژانەی خەڵک و زۆری پێداویستییەکان و تایبەتمەندبونی کار و دەرکەوتنی دەستە و چین و توێژی جۆراوجۆری خەڵک و نایەکچوونی تاک لە پێداویستی وتێربوونەکانی زانیاری، وایکردووە کە میدیای گشتی و رۆژنامەنووسی گشتی نەتوانێت لە ئاست ئەو داخوازی و پێداویستیانەی تاک بێت، بۆیە میدیای تایبەتمەند دەرکەوت کە میدیای ئاسایش و رۆژنامەنووسی تایبەتمەند و شارەزا لە کاروباری ئاسایش یەک لەو پۆلێنانەیە، تا بتوانرێت لەئاست تێرکردنی جەماوەر بێت بۆ پێداویستییە میدیاییەکانی ئاسایش، کادری پیشەیی میدیای ئاسایش پێویستی بەمانەی خوارەوە هەیە:

-توانا ولێهاتویی میدیایی: پێویستی بە شارەزایی پیشەیی و ئەکادیمی تایبەتمەند هەیە.

-شارەزایی لە بوارێکی دیاریکراوی ئاسایش (تاوان، ژینگە، ئابوری، هاتوچۆ .... هتد) لە رێگەی خوێندنی تایبەتی هەریەک لەو بوارانەدا، لێرەدا دەتوانرێت کادرێکی ئاسایش-میدیای شارەزا و پڕ لە مەعریفەیەکی زانستی و قوڵ وگشتگیر لە هەردوو بوارەکە دەستبکەون.

**شەشەم: گرنگی میدیای ئاسایش**

گرنگی میدیای ئاسایش لەم چەند خاڵانەدا کورت

دەکرێنــەوە: (١٥).

١- گرنگی میدیا بەشێوەیەکی گشتی لە ژیانی گەلان و دەوڵەتانـدا.

٢- میدیایەکـی بابەتـی و وردە و بـە مەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری ئاسایشـی تـاک، مەعریفـەی ئاسـایش پێشـکەش دەکات.

٣- میدیـای ئاسـایش بابەتـی گرنـگ لەسـەر بـواری ئاسـایش پێشـکەش بـە جەمـاوەر دەکات تـا بەشـدارییان زیادبـکات بـۆ بابەتـە ئەمنییـەکان کـە پەیوەنـدی بـە ئاسایشــی زۆرینــەی خەڵکــەوە هەیــە.

٤- هـاوکاری ئامرازەکانـی میدیا لەگەڵ ئـەو کەسـانەی شـارەزاییان لـەو بـوارە جیاوازانـەدا هەیـە کـە لـە خزمەتـی کۆمەڵـدان.

٥- میدیـای ئاسـایش هەوڵـی پەیوەنـدی بەهێـز دەدات لـە نێـوان بـواری ئاسـایش و ئامرازەکانـی میدیـادا، نەبوونـی ئـەو پەیوەندییـەش کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر کۆمەڵـگە جێدەهێڵێـت.

٦- میدیـای ئاسـایش دەروازەیەکـی گونجـاوە بـۆ گەشـەپێدانی عەقـل لـە ڕێگـەی سـادەیی و ڕاسـتگۆیی بـۆ خسـتنەڕووی بابەتـە ئەمنییـەکان.

٧- میدیـای ئاسـایش هەوڵـی بەرنەسـککردنەوەی ئـەو بۆشـاییە دەدات کـە لـە نێـوان ڕۆشـنبیریی گشـتی و مەعریفـەی زانسـتی ئاسایشـدا هەیـە.

٨- میدیـای ئاسـایش بوارێکـی گونجـاوە بـۆ ئـەو پسـپۆڕانەی بیانەوێـت بابـەت و توێژینەوەکانیـان لـە ڕووی ئەمنییـەوە بڵاوبکەنـەوە.

**حەوتەم: ئامانجی میدیای ئاسایش**

میدیـای ئاسـایش فەلسـەفە و مەبەسـتی خـۆی هەیـە، لـەو کاتەشـدا کاریگـەری بەهێـزی دەبێـت، کـە بابەتەکانـی ئەمنـی لـە کەناڵەکانـی میدیـای وەک تەلەفزیـۆن و ڕادیـۆ و ڕۆژنامـەدا بڵاودەکرێنـەوە، لایەنـە ئەمنییـەکان چالاکـی میدیایـی خۆیـان کـە شـێوازێکی ئەمنـی هەیـە لـە کەناڵەکانـی میدیـادا بڵاودەکەنـەوە.

میدیـای ئاسـایش تەنهـا زانیـاری ئەمنـی بڵاوناکاتـەوە، بەڵکـو هەوڵـی بڵاوکردنـەوە و پێکهێنانـی هۆشـیاری ئەمنـی تـاک و ئـەو بابەتانـەی کـە پەیوەندییـان بـە ژیانـی ئەمنـی گشـتییەوە هەیـە دەدات.(١٦)

ئامانجـی میدیـای ئاسـایش بریتییـە لـە بڵاوکردنـەوەی هەسـتی دڵنیابوونـەوەی تـاک و سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و سـەقامگیری بەهـای ڕۆحـی تـاک، ئەمـەش لـە ڕێگـەی بەشـداری و بەرپرسـیارێتی گشـتییەوە دەبێـت بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی کۆمـەڵ، ئامانجـی خۆپارێـزی و هۆشـیاری و کۆمەڵایەتـی لـە سـەرەوەی ئامانجەکانـی میدیـای ئاسایشـن، ئـەو ئامانجـە سـەرەکییانەی میدیـای

> **میدیای ئاسایش فەلسەفە و مەبەستی خۆی هەیە، لەو کاتەشدا کاریگەری بەهێزی دەبێت، کە بابەتەکانی ئەمنی لە کەناڵەکانی میدیای وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە**

ئاسـایش ئەمانـەن:(١٧)

١-ئامانجـی خۆپارێـزی: ئەمـەش لـە ڕێگـەی هۆشـیاری بەردەوامـی تاکـەوە دەبێـت بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی سـەر وماڵیـان، بەمەبەسـتی بەرنەسـککردنەوەی هـەر بوارێـک کـە تاوانـی تێـدا ڕوودەدات، لێـرەدا دەبێـت جەمـاوەر ئاشـنابکرێن بەشـێوازەکانی خۆپاراسـتن لـە کارەسـاتەکان بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە و هەوڵەکانـی دەزگاکانـی ئاسـایش بـۆ خۆپاراسـتنی هاووڵاتیان بەهەند وەربگیرێـن و لـە ڕێگـەی ئامرازەکانـی میدیـاوە هۆشـیار بکرێنـەوە.

٢-ئامانجی هۆشیاری: لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە زانیاری ڕاست و دروستی ئەمنی بڵاوبکرێنەوە و داوای هاوکاری لە دەزگاکانی ئاسایش بکرێت بەئەنگ داخوازی خەڵکەوە بچن و ڕووی ئەرێنی ئەو دەزگایانە جوان بکرێن و پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەزگا ئەمنییەکان بەهێزبکرێن.

٣-ئامانجی کۆمەڵایەتی: ئەم ئامانجە لە ڕێگەی ئەو پەیامە میدیاییانە بەدیدێت کاتێک هانی پاراستنی بەها و نەریت و ئیتیک و پاراستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئامادەیی کۆمەڵ دژی تاوان و بیری ڕۆشنبیری وێرانکەر و ڕەفتاری نەشاز، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیری هاوکاری و برایەتی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا. هاووڵاتیان ڕۆڵێکی ئەرێنیان لە سەقامگیری ئاسایشی گشتی و پاراستنی سیستمی حوکم و پاراستنی کۆمەڵ لە تاوان و تاوانبارانەدا هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی میدیای ئاسایشی پلان بۆدارێژراوەوە دەبێت.(١٨)

## هەشتەم: ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی میدیای ئاسایش

میدیای گشتی سەرچاوە و پێگەیەکی گرنگی میدیای ئاسایشە و بەشێک لەوە و جیانابێتەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکان ئەم ئامرازانە بەکاردەهێنرێن تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت، لەبەرئەوەی میدیای ئاسایش ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە دەتوانرێت سودێکی گەورە لەو ئامرازانە وەربگیرێت و لە خزمەتی ئامانجەکان بەکاربهێنرێن، بڵاوکردنەوەی پەیامە ئەمنییەکان بە شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆری ئامرازەکانی میدیا ڕۆڵی زۆر باش دەبێت لە قایلکردنی جەماوەر و گەیشتن بە زۆرینەی خەڵک.(١٩) ئامرازەکانی میدیای ئاسایش ئەمانەن:

١- ڕۆژنامە: ئەمە میدیای نووسراو دەگرێتەوە، کە یارمەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئەمنی دەدات، لە ڕێگەیەوە زانیاری جۆراوجۆر و بابەتی جدی و ئاڵۆز و بەدواداچوون و شیکردنەوە و بابەتی ورد و گشتگیر بڵاودەکاتەوە.(٢٠)

٢- ڕادیۆ: خەسڵەتی ئەم ئامرازە ئەوەیە کە زۆرترین بڵاوبونەوەی هەیە و بە ئاسانی دەگاتە زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ ئەگەر نەخوێندەواریش بن، کاریگەری زۆری لەسەر هەست و سۆز و ئاڕاستە و ڕەفتاری تاک هەیە.(٢١)

٣- تەلەفزیۆن: ئەم ئامرازە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەندامەکانی خێزان و کاریگەری خستنە سەریان لە ڕێگەی خەسڵەتی دەنگ و ڕەنگ و خێراییەوە، ئەمە وایکردووە کە توانای قایلکردنی جەماوەری هەبێت و بە ئاسانی ئاڕاستەیان بکات بۆ هەر بابەتێکی میدیایی لەلایەک و پەیامی میدیای ئاسایش لەلایەکیترەوە. (٢٢).

٤- بەهۆی بڵاوبونەوەی زۆری و بەردەستی بە تایبەتی لەنێو گەنجان و دەستەبژێری ڕۆشنبیر و زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، خەریکە ببێتە جێگرەوەی تەواوی ئامرازەکانی میدیای کلاسیک. بەو شێوەیە دەزگاکانی ئاسایش سودێکی باشیان لەو ئامرازانەی میدیا وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکانیان لە ڕێگەی پەیامە ئەمنییەکانەوە، هەروەها لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕۆڵە بەرچاوە زیاتر دەبینن.

## نۆیەم: دەرئەنجامەکان:

١-میدیای ئاسایش گرنگترین بواری توێژینەوە زیندووەکانە، کە کاریگەری لەسەر بواری زانستی میدیا و ئاسایش و زانستە سیاسییەکان هەیە.

٢-میدیای ئاسایش پەیوەندییەکی ئۆرگانی و جەدەلی بە ئاسایشەوە هەیە.

٣-ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری ناتوانن ڕوماڵی تەواوی قوڵایی گەشەکردنی بواری ژیانی ئاڵۆزی ئاسایش بکەن، بۆیە پێویستبوو میدیای ئاسایش دابمەزرێت، کە وەڵامی بۆ گەشەکردنەکانی بواری ئاسایش هەبێت و پێداویستییەکانی تێربکات .

٤-میدیا ئامرازێکی چالاکی بەردەست دەزگاکانی ئاسایشە بۆ دروستبوونی هەڵقەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا.

٥-ئامرازی میدیای ئاسایش شێوەیەکی فەرمی

لەخۆدەگرێـت، کـە شـێوەیەکی فەرمـی لـە هەڵبژاردنـی رووداو و بابـەت و شـێوازی چارەسـەر و رێگەکانـی نیشـاندان و پێشکەشـکردنی هەیـە.

٦-سـەرچاوەی فەرمـی بـە سـەرچاوەی سـەرەکی میدیـای ئاسـایش دادەنرێـت و ئاسـتێکی بـاڵای فەرمـی هەیـە.

٧-سـەرچاوە تایبەتەکانـی میدیـای ئاسـایش بریتیـن لـە کەسـەکان یـان لایـەن ودامـەزراوە تایبەتـەکان یـان دامـەزراوە ئەهلییـەکان کـە پەیوەنـدی بـەرووداو و بابەتەکانـی ئاسایشـەوە هەیـە.

٨- جەمـاوەری میدیـای ئاسـایش جەماوەرێکـی فـراوان و جۆراوجـۆر و ناچوونیەکـن، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە سەرنجڕاکێشـی بابەتـی ئاسایشـەوە هەیـە.

٩-میدیـای ئاسـایش هەوڵـی پەیوەنـدی بەهێـز دەدات لـە نێـوان بـواری ئاسـایش و ئامرازەکانـی میدیـادا، نەبوونـی ئـەو پەیوەندییـەش کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر کۆمەڵـگە جێدەهێڵێـت.

١٠-میدیـای ئاسـایش هەوڵـی بەرتەسـککردنەوەی ئـەو بۆشـاییە دەدات کـە لەنێـوان رۆشـنبیریی گشـتی و مەعریفـەی زانسـتی ئاسایشـدا هەیـە.

١١--میدیـای ئاسـایش بوارێکـی گونجـاوە بـۆ ئـەو پسـپۆڕانەی بیانەوێـت بابـەت و توێژینەوەکانیـان لـەرووی ئەمنییـەوە بڵاوبکەنـەوە.

١٢-هاووڵاتیـان رۆڵێکـی ئەرێنیـان لـە سـەقامگیری ئاسایشـی گشـتی و پاراسـتنی سیسـتمی حوکم و پاراسـتنی کۆمـەڵ لـە تـاوان و تاوانبارانـدا هەیـە، ئەمـەش لـە رێگـەی میدیـای ئاسایشـی پـلان بۆداڕێـژراوەوە دەبێـت.

١٣-بڵاوکردنـەوەی پەیامـە ئەمنییـەکان بـە شـێواز و رێگـەی جۆراوجـۆری ئامرازەکانـی میدیـا لـە تەلەفزیـۆن و رادیـۆ و رۆژنامـە و ئینتەرنێـت، رۆڵـی زۆر بـاش دەبێـت لـە قایلاندنـی جەماوەر و گەیشـتن بـە زۆرینـەی خەڵـک.

١٤-- دەزگاکانـی ئاسـایش سـودێکی باشـیان لـە ئامرازاەکانـی میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەرگرتـووە بـۆ بڵاوکردنـەوەی مەبەسـت و ئامانجەکانیـان لـە رێگـەی پەیامـە ئەمنییەکانـەوە.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١-- العميد الدكتور علي بن فايز الجحني، اكاديمية نايف العربية للعلوم الامنية، الاعلام الامنى والوقاية من الجريمة، الرياض، ٢٠٠٠، ل١٤

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٦

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٨

٤-بنان طلال، الصحافة بين حرية الرأى ومنطق السياسة، جريدة عكاظ، ١٠٧٧٣، ل٩.

Famen, R.Terrorism and the mass media: Asystmic-٥ analaysis terrorism v١٣, n٢(april- march ١٩٩٠),٩٩- ١٤٣.

٦- -أ.دكتؤر اديب محمد خضور، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية،خصائص الاعلام الامني و انعكاساتها على تحرير المواد الاعلامية الامنية، الخرطوم، ٢٠٠٥، ص١

٧- هەمان سەرچاوە، ل٢

٨-هەمان سەرچاوە، ل٣.

٩- ايهاب ربحي الغصين،اثر الاعلام الامني على أداء العاملين في الاجهزة الامنية في قطاع غزة،(الجامعة الاسلامية بغزة، ٢٠١٢)، ص١١. و (ميرزا،٢٠٠٦،ص١٥).

١٠- عبدالرحمن مسعود، العمل الاعلامي الامني المشكلات والحلول، الرياض، جامعة نايف، ٢٠٠٥، ل١٣٢.

١١- علي بن فايز الجحني،الاعلام الامني والوقاية من الجريمة،الرياض، اكاديمية نايف، ٢٠٠٥،ل١٩١.

١٢- فهد عبدالعزيز حمد الدعيج،الامن والاعلام في الدول الاسلامية،الرياض، اكاديمية نايف العربية، ل٢٤٩.

١٣- جواد راغب الدلو،الاعلام والامن، تكامل ام تضاد،المكتب الاعلامي الحكومي، غزة،٢٠٠١، ل١٤.

١٤- أ.دكتور اديب محمد خضور، سەرضاوةى ثيَشوو، ل٦-١٠.

١٥- بركة بن زامل الحوشان،الاعلام الامني والامن الاعلامي،الرياض، جامعة نايف، ٢٠٠٥ ل١٣-١٥.

١٦- علي بن فايز الجحني، سەرضاوةى ثيَشوو، ل٣٢.

١٧- ابراهيم ناجي،الاعلام الامني بين نظرية والتطبيق،منشورات المكتب العربي للاعلام الامني،القاهرة، ١٩٩٧، ل١٠٤.

١٨- ايهاب ربحي الغصين، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٨.

١٩-هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

٢٠- أ.دكتور اديب محمد خضور، سەرضاوةى ثيَشوو ل٧٨.

٢١-هەمان سەرضاوة، ل٩-١٠).

٢٢- حسين سالم الشرعة، العمل الاعلامي المشكلات والحلول، الرياض، جامعة نايف،٢٠٠٥، ل٨٨.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS